چۆپی عەزیز:

# هونەر بە گشتی و شانۆش بەتایبەتی ڕەنگدانەوەی ژیان و سروشتی مرۆڤایەتین

**یەکێکە لە ئەکتەرە ناسراوەکانی شاری سلێمانی و تا ئێستا بەشداریی لە چەندین کاری هونەریدا کردووە بەتایبەتی لە شانۆ و دراما، ڕۆڵەکانیشی زیاتر دەربڕی خەم و ئازارەکانی کۆمەڵگایە کە خۆی ئەمە بە ئەرکی هونەرمەند دەزانێت، چۆپی عەزیز بەم شێوەیە وەڵامی چەند پرسیارێکی گوڵانی دایەوە.**

*** زۆر جار گوێبیستی ئەوە بووین کە لە سەردەمێکدا ژانرێکی هونەری تووشی (دارمان) بووە، ئایا ئەوەی ئێستا شانۆی کوردی پێیدا تێپەڕ دەبێ، دەگاتە ئەو ئاستە کە ئەم ناوەی لێ بنێین؟**

-شانۆی کوردی یەکێکە لە یەکەکانی سەرخانی کۆمەڵگەی کوردەواری، لەگەڵ گوزەری بارودۆخ لە مێژوودا کەم تا زۆر لە برەو و بەرەو پێشچووندا بووە، هەر ژێرخان و سەرخانییەکانیشە وایکردووە شانۆی کوردی کەمێك چەقبەستوویی بەخۆیەوە ببینێت، شانۆش وەك زۆری و کەمیی نمایشکردنی ناچێتە نێو چوارچێوەی دارمان بە قەدەر چۆنایەتی نمایشەکان.

*** هونەرمەندی گەنج هەن هاتوونەتە ناو بواری شانۆ بە ڕۆحێکی ئەکادیمی و بە تەکنۆلۆژیایەکی جوان کار دەکەن، ئامۆژگاریت چییە بۆ ئەو گەنجانە تاکو بەردەوام بن و سەرکەوتوو بن؟**

-لە هەموو سەردەمێکدا هونەرمەند بە قەدەر ئەو توانایەی لەبەردەستیدابووە بۆ کارە هونەرییەکەی هەوڵی باشی داوە، تەکنۆلۆژیاش ئەمڕۆ بە گشتی لە بواری هونەردا کاریگەری ئەرێنیی خۆی هەیە، ئەگەر بەشێوەی پرۆفیشناڵانە بەکاربێن، هونەرمەندیش گەنج بێت، یان بە تەمەن، دەتوانێت توانای خۆی بەکار بێنێت، بەڵام لە هونەردا گەنج و پیر نییە، بەڵکو شتێك هەیە پێی دەڵێن داهێنان و توانا و زانستی هونەرییە لەو کەسەدا، بەو ئومێدەم هاوکاری گەنجان بکرێت و دەرگایان بە ڕوودا بکرێتەوە بۆ کاری جوانی هونەری و برەودان بە شانۆی گەلەکەیان.

*** ئایا ئاسانکارییان بۆ کراوە یاخو ڕێگرییان لێکراوە؟**

-نازانم مەبەستت لە ڕێگری یان ئاسانکاری چییە؟ چونکە شانۆ بەتایبەتی و هونەر بەگشتی هەموو سەردەمانێك لە ناخی ئازار و ململانێکاندا لە دایك بوون و گەورە بوون و خۆیان کردووە بە ئەمری واقیع، ڕەنگە لایەنە ماددییەکە زۆر جار وەك ئاستەنگ و بەربەست یەخەی بە کاری هونەری گرتبێ و بووبێتە هۆی درووستبوونی لەمپەر بۆی، بەڵام ئەوەتا لە شاری سلێمانی لەم ماوەی چەند ساڵەدا تا ئەم ساتەی لە بارەیەوە ئەدوێین، کاری جوان و ئەکادیمی شانۆی بەپێز نمایش دەکرێت، بەبێ بەرامبەر و بینەرێکی یەکجار زۆریش پێشوازییان لێ دەکات.

*** دەڵێن شانۆی کوردی لە زۆر ڕووەوە سنووردارە، هۆکارەکانی ئەم سنووردارییە چین و چۆن دەتوانرێ ئەم سنوورانە بشکێندرێن؟**

-هونەر بەگشتی و شانۆش بەتایبەتی ڕەنگدانەوەی ژیان و سروشتی مرۆڤایەتین، بێگومان من وەك شانۆکارێکی شاری سلێمانی ئەڵێم بەپێچەوانەوە ئەمڕۆ شانۆ لە شاری سلێمانی زۆرینەی سنوورەکانی شکاندووە و لە تەواوی کایە کۆمەڵایەتییەکان و فرە بوارە ژیانییەکاندا، ئەوەشی کە وەك سنوور هەموو کۆمەڵگەیەك خاوەنی کۆمەڵێ کەلتووری خۆیەتی، ئەبێ پابەندبێ پێوەی، مادام ژیان بەردەوامە و بەرەو پێشچوونە، شانۆش هاوەڵ و هاوڕێ لەگەڵ ژیاندا دەڕوات.

*** لە ئێستادا تاکی کورد پێویستی بە چییە یاخود چی لە دراما و شانۆ کوردی چاوەڕێ دەکات؟**

-بینەر بەگشتی مافی خۆیەتی کاری هونەری جوان و بەپێز و پرۆفیشناڵ ببینێ و چێژی لێ وەرگرێ، بینەری کوردیش هیچی کەمتر نییە لە بینەری دنیا بەگشتی، کەواتە پێویستە لەسەر هونەرمەندی شانۆ و دراما بە گیانێکی بەرپرسیارییەوە برەو بە کار و چالاکییە هونەرییەکانیان بدەن، جا شانۆ، یان دراما، یان بوارەکانی تر لە کایە کۆمەڵایەتی و بوارەکانی دیکەی ژیانی ئەکادیمیانە کاربکەن، نابێ کارەکانیان یاریکردن بێت بە هەست و سۆزی بینەرەکانیان و ئەبێ جوانی و باشیی کارەکانیان وا بکات نەوەیەکی ڕۆشنبیر و هونەردۆست و ڕۆشنبیر پەروەردە بکات لە ڕێگای بوارەکانی خۆیەوە.

*** لەم قۆناغە هەستیارەی کە میللەتی کورد پێیدا گوزەر دەکات، ئەرکی ئێوەی هونەرمەند بە گەنج و خاوەن ئەزموونەکانەوە چییە؟**

-پەنجە خستنە سەر هەموو ئەو کێشە و برینانەی کە بەرۆکی کۆمەڵگەی گرتووە، هەنگاونانە بەرەو ورووژاندن و چارەسەرکردنی، چونکە پەیامی هونەرمەند پەیامێکی مرۆڤایەتییە و ئەرکی هونەرمەندیش هیچی کەمتر نییە لە ئەرکی پزیشکێك، یان مامۆستایەك، یان ئەندازیارێك،

دەبێ ئامانجیشی چارەسەرکردنی کێشەی کۆمەڵگەکە بێت (نانێك و شانۆیەك بدەرە دەست هونەرمەند، ئەویش گەلێکی هوشیارت ئەداتێ)، رۆژگاریش ئەوەی سەلماندووە کە هونەرمەندانمان سەرقافڵەی زۆربەی راپەڕین و شۆڕشەکانی کوردستان بوون و بەشێکیش بوون لە چارەسەرکردنی کێشەش.

*** ئایا ئێستا شانۆ، یان دراما پێویستترە بۆ بینەری کورد؟**

-هەردووکیان، چ شانۆ کە بینەری تایبەتی و رۆشنبیری خۆی هەیە و چ دراماش کە میوانی هەموو ماڵێکە لە رێگەی شاشەی تەلەفزیۆنەکانەوە، نابێ بڵێین ئەمڕۆ کامیان پێویستترن، بەڵکو وا باشترە بڵێین ئەبێ هەردووکیان هەبن، بەڵام بە کاری رەسەن و جوان و هونەری، زۆر گرنگە هەردوو بوارەکە وەك تەواوکەری یەك لە خزمەتی هەموو کایە مرۆڤایەتییەکانی خەڵکیدا بن و بەرەو پێشی بەرن و دەوڵەمەندی بکەن بە مەعریفە و فەنتازیای ئیستاتیکی تا سەرەنجام نەوەیەکی حەقبێژ بە مانای وشە پەروەردە بکات.

*** ئایا سەرەڕای ئەو ئاستەنگانەی لەبەردەم هونەر بە گشتی هەبوون لە ساڵانی رابردوو، ئێستا ئێوە دەتوانن پەیامی نیشتمانی و نەتەوەیی خۆتان لەم قۆناغەدا بگەیەنن؟**

-بە دڵنیاییەوە بەڵێ، چونکە هونەر هەموو سەردەمێك سەرقافڵەی کۆمەڵگە بووە، ژیانیش بێ ئاستەنگ نابێ، چونکە خۆی لەسەر ئاستی ململانێ و تاریکی و رووناکی و گێڕانەوە و بێدەنگی و ئازار و خۆشی و ..تاد درووست بووە، ئەرکی هونەرمەندیش هەنگاونان و بازدان نییە بەسەر کێشەکاندا، بەڵکو هەڵگرتنیانە بە کۆڵی خۆی و لە هەگبەی هونەریدا بەرەو مەنزڵگای چارەسەرەکان بیانبات لە رێگەی کارە هونەرییەکان و نمایشەکانەوە، بەدڵنیاییەوە ئەمڕۆش بەدەر نییە لە دوێنێ و پار و ساڵانی رابردوو، پەیامی هونەرمەند هونەرە، هونەریش واتا ژیان بە گشت چەمکەکانیەوە، واتە پەیاممان پارێزگاریکردنە لە هەموو ماوف و ئیمتیازاتەکانی تاك بە تاکی خەڵکی نیشتمانەکەمان کە دەبنە بینەری شانۆکان و کارە دراماکان.





# هەڕەشەی کوشتن لە سەنا شێخ دەکرێت

چەند ئەندامێکی سەر بە گرووپە ئیسلامییە توندڕۆکانی هیندستان هەڕەشەی کوشتنیان لە سەنا ئەمین شێخ کرد دوای دەرکەوتنی لە زنجیرە درامای (Krishnadasi) کە ئێستا لە یەکێك لە کەناڵی (الوان)ی هیندی نمایش دەکرێت.

گرووپە ئیسلامییەکان تەنیا بە هەڕەشەکردن نەوەستان، بەڵکو بە کافر و هەڵگەڕاوە لە ئایینی ئیسلام تۆمەتباریان کردووە. دوای دەرکەوتنی لە زنجیرەکە کە ملوانکەیەکی هندۆسی لە مل کردبوو و خاڵێکی سووری لە نێوچەوانی خۆی کردبوو کە هێمایەکە بۆ شووکردنی کچ بەپێی ئایینی هندۆسی. سەنا کە لەم زنجیرەیەدا رۆڵی کچێکی هندۆسی دەبینێت، ئەم هەڕەشە و تۆمەتبارکردنی بە هەڵگەڕانەوە لە ئایین رەتکردەوە و لەسەر پەیجی خۆی لە فەیسبوك لەم بارەیەوە نووسیویەتی: ئەکتەر دەتوانێت رۆڵی هەر کەسایەتییەك ببینێت، لە هەمان کاتدا پارێزگاری لە ئایین و بڕوای خۆیشی بکات.



# یاسەمین لە نێو جەماوەر ریکلام بۆ فیلمە نوێیەکەی دەکات

ئەستێرەی سینەمایی میسری یاسەمین عەبدولعەزیز دەستی بە هەڵمەتێکی بەرفراوان کرد بۆ فیلمە نوێیەکەی (ابوشنب)، بۆ ئەم مەبەستەش خۆی لە چەندین هۆڵی نمایشکردنی سینەمایی ئامادە بوو بۆ ئەوەی رای جەماوەر وەربگرێت و هاوکات لە نێو جەماوەردا ریکلامێکی بۆ بکات.

یاسەمین بێ ئەوەی گوێ بە تەمەنی ئامادەبووانی هۆڵەکانی سینەما بدات، لە زۆربەیانی دەپرسی سەبارەت بە فیلمەکە و کاردانەوەیان بەرامبەری، لە هەمان کاتدا بە یاوەری محەمەد سەبکی بەرهەمهێنەری فیلمەکە و کوڕەکەی وێنەی سێلفیی لەگەڵ بەشێکی زۆریان گرتووە، ئەمەش کاریگەریی زۆری هەبووە لەسەر سەرکەوتنی فیلمەکە لە رووی جەماوەرییەوە.

شایەنی باسە فیلمی (ابو شنب) کە دوایین فیلمی یاسەمین عەبدولعەزیزە و لە دەرهێنانی سامح عەبدولعەزیزە یەکێکە لەو فیلمانەی کە سەرکەوتنێکی بەرچاو و بێ وێنەیان بەدەستهێناوە لە رووی جەماوەرییەوە بەتایبەتی لەو بارودۆخەی ئێستای وڵاتی میسر.



## لالە ئەسکەندەری:

# هونەرمەندیش وەک هەر مرۆڤێکی ئاسایی ژیانی تایبەتی خۆی هەیە

لالە ئەسکەندەری سەرەتا لە زانکۆی ئازادی ئیسلامی لە تاران لە بواری گرافیکیی خوێندوویەتی، دواتر رووی لە نواندن و سینەما کردووە و نزیکەی ٢١ساڵە لە بواری فیلمدا کار دەکات و تا ئێستا بەشداری لە ٣٦ فیلم و زنجیرەی تەلەفزیۆنیدا کردووە و یەکێکە لە شێوەکارە ناودارەکانی ئێران و بە تابلۆ و کارە هونەرییەکانی زۆربەی شەقامەکانی تارانی رازاندۆتەوە.

لالە ئەسکەندەری لە بارەی سینەمای نەتەوەیی دەڵێت: هەر میللەت و نەتەوەیەك سینەمای تایبەت بە خۆی هەیە، چونکە رەنگدانەوەی مێژوو و فەرهەنگ و کەلتووری ئەم نەتەوەیەیە، تەنانەت ئەگەر فیلمەکانیش هۆلیۆدیش ببینین هەست بەمە دەکەین، بەڵام زۆر جار جۆرێك لە هاوشێوە بوون یان نزیکی هەیە لە نێوانی سینەمای چەند میللەتێکدا ئەمەش بەهۆی جوگرافیا و نزیك بوونی کەلتوور و فەرهەنگی چەند میللەتێك لە یەکتری.

دەربارەی ژیانی تایبەتی ئەکتەر و هونەرمەندان لالە دەڵێ: هونەرمەندیش وەك هەرمرۆڤێکی ئاسایی ژیانی تایبەتی خۆی هەیە، رەنگە بەهۆی کارە هونەرییەکانی و کاریگەرییان لەسەر خەڵك، خەڵك زیاتر بیناسن و ئاشنای کارەکانی بن، بەڵام بەگشتی ئەویش مرۆڤە وەك هەموو مرۆڤێك ئاسایی دەژیت و یەکێك لە بابەتە گرنگەکانی ژیانی بریتییە لە پێکهێنانی ژیانی هاوسەرێتی، بە ڕای من هیچ تەمەنێکی دیاریکراو نییە بۆ چوونە نێو ژیانی هاوسەرێتی و هەر کاتێك مرۆڤ هەستیکرد لە رووی هزری و دەروونی ئامادەیە ئەوکات بچێتە نێو ئەو ژیانە نوێیە.

## دەلال زاخۆیی:

# بۆ من خۆشەویستیی خاک و وڵات لەسەرووی هەموو شتێکەوەیە

یەکێکە لەو هونەرمەندانەی وەك زۆربەی گەنجەکانی شاری زاخۆی رەنگین هەر لە تەمەنێکی زووەوە رووی لە بواری گۆرانی و موزیك کردووە و تا ئێستا نزیکەی بیست ساڵە لەو بوارەدا بەردەوامە، هونەرمەند دەلال زاخۆییە، بەڵام هەندێك بارودۆخی تایبەت ناچار کرد وڵات جێ بهێڵێت و لە خاکی نیشتمان دووربکەوێتەوە، ئەو خاکەی کە چەندین ساڵە گۆرانی و سروودی بۆ دەچڕێت و وەك سیمبولی بەرخوودان گوزارشت لە پێشمەرگە و شەهیدانی کوردستان دەکات، دەلال زاخۆیی لەم دیمانەیەدا سەبارەت بە هۆکارەکانی دوورکەوتنەوەی لە وڵات و چەند پرسێکی دیکە و تایبەت بە خۆی وەڵامی پرسیارەکانی گوڵان دەداتەوە.



*** وەك هونەرمەندێك هەستت چی بوو كە بڕیاری ئەوە بدەی وڵات جێ بهێڵی؟**

- من هونەرمەندێكم خۆشەویستیی كوردستان لە سەرووی هەموو شتێكەوەیە بۆ من و زۆریش وابەستەی میللەت و خاكی كوردستانم، بۆیە یەكێك لە ناخۆشترین بڕیارەكانی من جێهێشتنی وڵات بوو، من هونەرمەندم و خاوەن بەرهەمی تایبەتی و جەماوەر و هەواداری خۆمم، لە هەمان كاتدا خزمەتێكی زۆرم پێشكەش بە كوردستان و گۆرانی رەسەنی كوردی و موزیكی كوردی و پێشمەرگە و جەماوەرەكەم كردووە و بۆ ماوەی ٢٠ ساڵ بە بەردەوامی گۆرانیم بۆ وڵات و پێشمەرگە و شەهیدان وتووە، بەڵام ئەگەر تەنیا چادرێكیشم نەبێ تێیدا بژیم، نازانم چیبكەم.

*** چ هۆكارێكی سەرەكی هەبوو لە پشت ئەوەی ئەم بڕیارە بدەی؟**

-بە هۆی بارودۆخی تایبەت بەخۆمەوە كە زۆر سەخت و ناخۆش بوون ئەو بڕیارەمدا، جێهێشتنی وڵات زۆر زۆر بە ئازارە، بەڵام وەك هونەرمەندێك بارودۆخەكەم بە جۆرێك بوو كە نەمدەتوانی زیاتر بەرگەی بگرم.

*** ئەو هونەرمەندانەی كە زۆر لە تۆوە نزیكن هەوڵیان نەدا لەو بڕیارە پاشگەزت بكەنەوە؟**

-نەك هونەرمەندەكان، بەڵكو من بە كەسوكاری خۆشم رانەگەیاند كەوا كوردستان جێ دەهێڵم، بەڵام پێشیانم راگەیاندبا نەیاندەتوانی كارێكم بۆ بكەن، چونكە هونەرمەندانی كورد بەگشتی لە هەر چوار پارچەی كوردستان لە كۆنەوە لە بارودۆخێكی خراپ و سەختدا دەژین.

*** مرۆڤی هونەرمەند لە خەڵكی ئاسایی هەست ناسكترن، ئەو كاتانەی كە لە ئەوروپا بووی، نەبۆتە هۆی ئەوەی چەند بەرهەمێكی نوێ دروست بكەی؟**

-بێگومان چەند گۆرانییەكی نوێم ئامادەیە، بەڵام كاری هونەری و ئیلهامی هونەری پێویستی بەوە نییە لە غەریبیدا بیت و ئینجا كاری بۆ بكەیت، پێویستە بەردەوام بیكەیت و نەوەستیت، هەرچەندە من پێموایە تۆماركردنی گۆرانی، یان كلیپ و نیشاندانی وڵاتی خۆی باشترە لەوەی لە دەرەوە كلیپێك بەرهەم بهێنیت، چونكە هونەرمەندی رۆشنبیر كەسێكی زۆر هەستیارە و ئەگەر جەماوەر نەبێت، هونەرمەند نابێت، هەر كاتێك ژیانم جێگیر بوو لە هەموو روویەكەوە پەنا بەخوا كارێكی باش پێشكەش بە جەماوەرەكەم دەكەم كە یەكێكیان سروودێكە پێشكەشی دەكەم بە شەهیدە نەمرەكانی كوردستان، جەماوەرەی من هەمیشە لە خەیاڵمدایە و بیری لێدەكەمەوە و بەردەوامیش لە كۆنتاكدام لەگەڵی، بەڵێن بە جەماوەرەكەم دەدەم ئەوەی لە توانامدا بێت بیخەمە گەڕ بۆ ئەوەی كارێكی جوانیان پێشكەش بكەم كە بە دڵیان بێت.

*** ئەو هونەرمەندانەی بە عەشقەوە كاری هونەری ئەنجام دەدەن، ناتوانن بێ هونەر بژین، تۆ ژیانی خۆت چۆن بەسەر دەبەی و پێوەندیت لەگەڵ هونەرمەندە كوردەكانی ئەوروپا چۆنە؟**

-بێگومان هونەرمەندی راستەقینە ناتوانێت لە هونەر دووربكەوێتەوە، رەنگە كەسانێك بڵێن وازمان لە هونەر هێناوە، بەڵام پێچەوانەكەی راستە و هونەر وازی لە ئەوان هێناوە، سەبارەت بە پێوەندییەكانیشم دەڵێم هونەرمەندە سەركەوتوو و ناسراوەكان هەموویان یەكتری دەناسن و هاوكاری یەكتریش دەكەن، بۆیە پێوەندیم لەگەڵ هەموو هونەرمەندان باشە لە هەموو پارچەكانی كوردستان بەبێ جیاوازی، سەبارەت بە هونەرمەندانی دەرەوەش بەر لەوەی بێم بۆ ئەوروپا پێوەندیم لەگەڵیان هەبوو، دوای ئەوەش كە هاتم چاوم بە زۆربەیان كەوتووە.

*** ئەو ماوەیەی كە لە ئەوروپای لەنێوان كاری هونەری لە كوردستان و لە ئەوروپا هەستت بە چ جیاوازییەك كردووە؟**

-جیاوازییەكی زۆر گەورە هەیە لە نێوان كاری هونەری لە كوردستان و لە ئەوروپا، ئەو كارانەی لە كوردستان ئەنجاممان دەدا لە رووی تێكست، ئاواز، موزیك و كلیپ بۆ ئێمە زۆر ئاسانتر و خۆشتر بوو، هونەرمەندان هەموویان هاوكاری یەكتر بوون بۆ سەركەوتنی بەرهەمەكان، بەڵام كاری هونەری لە ئەوروپا زۆر زۆر زەحمەتە و پێویستی بە خەرجییەكی زۆرە لە رووی كلیپ و موزیك و دەرهێنان و لۆكەیشن ئەمەش ئەركی هونەرمەند قورس دەكات.

*** بەر لەوەی بچی بۆ ئەوروپا خەونەكانت چی بوون و هەوڵتدەدا لە رێگای هونەرەوە چی پێشكەش بە میللەتەكەت بكەی؟**

-من خەونم نییە، بەڵكو ئامانجم هەیە، ئامانجی من بەر لە هونەر و هەر ئامانجێكی دیكە بریتییە لە كوردستانی گەورە و دامەزراندنی دەوڵەتی كوردی، پەنا بەخوا لەم نزیكانە دەوڵەتی كوردی دەبینم، بەڵام سەبارەت بە ئامانجی هونەریم هەوڵ دەدەم خزمەتێك بە هونەر و كەلتوور و مێژووی كوردی بكەم و هەرچەندە هونەر بێ سنوورە و كەلتوورێكی جیهانییە، بەڵام هەوڵمدا كە بینەر و بیستەری كورد چاوی لە هونەری كوردی بێت، نەك بیانی و بتوانم بە كارێكی جوان شوێن پەنجەم لە مێژووی گۆرانی كوردیدا هەبێت و لە رێگای هونەری كوردییەوە بتوانم خزمەتێك بە مرۆڤایەتی بگەیەنم بەشێوەیەكی گشتی، چونكە مرۆڤایەتی لە سەرووی هەموو شتێكەوەیە.

*** پەیامت چییە بۆ ئەو گەنجانەی هەوڵ دەدەن روو لە ئەوروپا بكەن و وڵات بەجێ بێڵن؟**

-پەیامی من بۆ گەنجانی كورد ئەوەیە لە هەر شوێنێك بزانن ئاسوودە و سەركەوتوون لەو شوێنە بن، هەرچەندە ژیانی غەریبی سەخت و دژوارە و هیچ كاتێك نابێتە ژیان لە وڵاتی خۆت، سەبارەت بەخۆم دەڵێم بەداخەوە من هزری ئەوەم نەدەكرد ئەوروپا بەو شێوەیە بێت، من لە كوردستان زۆر ئاسوودەتر بووم، هەر بۆیەش رۆژانە فرمێسك دەڕێژم بۆ كوردستان، زۆریش حەز دەكەم بگەڕێمەوە، بەڵام نازانم بگەڕێمەوە كوردستان لە كوێ بژیم، هیچ شوێنێكم نییە. من هانی هیچ كەسێك نادەم كە بێتە ئەوروپا، چونكە ئەوروپا زیندانێكی گەورەیە و خاكی ئێمە نییە، جیاوازی نێوان ئێمە و ئەوروپییەكان ئەرز و ئاسمانە لە رووی كەلتوور و زمان، بەڵام سەرەڕای ئەمەش هەموو كەسێك ئازادە لە كوێ بژیت. ئەوەی حەز دەكات لە كوردستان با لەوێ بێت، ئەوەی بیەوێت بێت بۆ ئەوروپا با بێتە ئەوروپا.

**جەماوەرەی من هەمیشە لە خەیاڵمدایە و بیری لێدەكەمەوە و بەردەوامیش لە كۆنتاكدام لەگەڵی، بەڵێن بە جەماوەرەكەم دەدەم ئەوەی لە توانامدا بێت بیخەمە گەڕ بۆ ئەوەی كارێكی جوانیان پێشكەش بكەم كە بە دڵیان بێت**

**هەوڵمدا كە بینەر و بیستەری كورد چاوی لە هونەری كوردی بێت، نەك بیانی و بتوانم بە كارێكی جوان شوێن پەنجەم لە مێژووی گۆرانی كوردیدا هەبێت و لە رێگای هونەری كوردییەوە بتوانم خزمەتێك بە مرۆڤایەتی بگەیەنم**